## خالد قشتینی و سەمیر عەتاڵڵا

## هەناسەسواری نەتەوەیی.. یان خۆگێلکردن ..

هەندرێن ئەحمەد

بەر لەماوەیەك قشتینی بەهۆی یەكێك لە نووسینەكانی لە گۆشە رۆژانەییەكی رۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت دووچاری دیالۆگێكی توند بۆوە لەلایەن رۆژنامەوانە كوردەكان، هەرچەندە من لە بابەتی گۆشەكەی ئەوەندە سەخڵەت نەبووم، چونكە پێم وایە ئەم بەڕێزە چەندە شتی باش دەنووسێت بەو مانایەی، نووسینەكانی خزمەتی كۆمەڵگایەكی شارستانی دەكات و رازی ئەو زاتە ئەوەنیە كەس بریندار بكات و گۆشەنووسینێكی سەركەوتووشە، بەڵام هەندێك لەهاوكاران وەڵامی گۆشەكەیان دابۆوە، بۆچوونەكانی قشتینی وەكو قەڵەمێكی خاوەن تەجرەبەو جێگای هەڵوەستە لەسەركردنە، چونكە ئەو شتێك لەهیچەوە نانوسێت تاوەكو سەرچخی بۆی بچێت.

هەردوو نووسەر (قشتینی و سەمیر عەتاڵڵا) دوو گۆشەی بەردەوامیان هەیە، ئەوەی قشتینی بەبەردەوامی دەخوێنمەوە، بەڵام ئەوەی سەمیر زۆر سەرنجم راناكێشێت، رەنگە هەر لە زووەوەش بۆچوونی عەتەڵڵا بزانم و لەگەڵیدا كۆك نیم، بەتایبەتی لەمەسەلەی كێشە نەتەوەییەكانی چوارچێوەی وڵاتانی عەرەبی و تێڕوانینی ئەو كابرایە لەمەسەلە چینایەتی و زاتیەكان، بەڵام هەردوو نووسەر لە گۆشەكانیان لەرۆژنامەی ناوبراو لەرۆژی 16/ی ئۆكتۆبەر بابەتەكانیان سەرنج راكێش بوون، كە بە جووتە دوو مەسەلەی گرنگیان وروژاندبوو، هەردوو بابەت لەبارەی عێراق و كوردستان بوو، ئەوەی سەمیر لەسەر كەركوك كە لەپاشان دێمەوە سەری و ئەوەی قشتنیش بەناوی وەهمی دیموكراسی بوو، كە تێیدا باس لە پرسو راپێكردنی خۆی لەلایەن رێكخراوێكی لێكۆڵینەوەی ئەمریكایی لەمەڕ چۆنیەتی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لەعێراق دەكات، كە بەبۆچوونی قشتینی و رێكخراوێكی دیكەی ئەمریكی كە هەمان بۆچوونیان هەیە دەبێت عێراق بدرێتە دەست سەركردەیەكی بەهێز بەدەستێكی ئاسنین، ئەم وڵاتە بەڕێوەببات. ناوبراو باسی نەكردووە مەبەستی لەسەركردەیەكی بەهێز چۆن‌وكیَ و چیە؟بەڵام نموونە بۆ پیاوە بەهێزەكانی مێژوو دەهێنێتەوە لەشێوەی ناپلیۆن بۆ فەرەنساو هیتلەر لەئەڵمانیاو ستالین لە روسیاو حەجاج لەعێراقی كۆن، پێم وایە ئەم ناوانە ئەگەرچی جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە وەكو یەكیش نین لە هەڵسەنگاندندا، بەڵام تەنها سەدام و چەند دیكتاتۆرێكی وەكو ئەو ماوە ریزبەندیان بكات بۆ سەركوتكردنی گەلان. هەرخۆشی دەڵێ رەنگە هەوڵ و خوێنەرەكانیشم تووشی سەرسووڕ مان بێن، لەم بۆچوونەمدا.. لە بڕگەیەكی دیكەشدا دەڵێت: (من ئەو دیموكراسیخوازەم كە داوای دیكتاتۆریەت دەكەم) هەرچەندە بەر لە دوانزە ساڵ لەسەعدی یوسفی شاعیر گوێم لەو قسەیە بوو كاتێك دەڵێت: بژی دیكتاتۆریەت و بڕوخێ دیموكراسی)، كە مەبەستی لە دیكتاتۆریەتی پرۆلیتارە، دەسەڵاتی كرێكاران و جوتیاران لەبەرامبەردا دیموكراتیەتی درۆینەی رژێمی بەعسی سەدامی بوو... بەڵام قشتینی هەرگیز هەمان مەبەستی لەو قسەیەی خۆی‌نیەو بە بڕگەكانی گۆشەكەی بە روونی داوای فەرمانڕەوایەكی خاوەن دەستێكی ئاسنین دەكات و بۆ عێراق و لەئێستاوەش نیشانەی چەوتی بەسەر هەڵبژاردنی چاوەڕوانكراوداوە كە رەنگە گوتنەكانی قشتینی بەس بێت بۆ هەناسە سوارانی نەتەوەپەرست و گروپە تیرۆریستییەكان بیكەنە دروشمی خۆیان، كاتێك دەڵێت چاوەڕێ ناكەم ئەم پەرلەمانەی دادێ ئەوەندە پاك و خاوێن و بەڕاستی نیشتمان پەروەر بن!!، چونكە  نابینم كە هەڵبژاردنەكە خۆی بەشێوەیەكی پڕ متمانەو دروست ئەنجام بدرێت. جا باشە كەسێكی وەك قشتینی بەم شێوەیە بیربكاتەوە دەبێت ئەوانەی بڕیاری لەباربردنی پڕۆسەی دیموكراسی عێراق و تەجرەبەكەی كوردستانیان داوە لەژێر ئەم جۆرە بۆچوونانە بگەنە چ ئەنجامێك؟.

لەسەرەتا گوتم كە قشتینی لەهیچەوە شت نانووسێت، لەچەند گۆشەیەكی بەر لەئێستاش جارێكی دیكە نووسیبووی، پەیمانگایەكی ئەمریكی و ناوەندێكی دیكەی لێكۆڵینەوەی بەریتانی لەبارەی چەند مەسەلەیەك داوای بۆچوونی ئەویان كردووە،دیارە بۆ پڕۆسەی دیموكراسیش خەڵكێك لەوانەی  بەم جۆرە حوكمە سەخڵەت دەبن و دەترسن لەژێر ئەم پەردەیە نەتەوە بن دەستەكانی وڵاتانی عەرەبی هەوڵبدەن كەمێك هەناسە هەڵكێشن و

لەژێر عەبا شۆڕەکانی ئیمپراتۆرییەکانی لم دەربازیان بێت، داوایان کردوە قشتینی ئەم جۆرە گۆشانە بنووسێت. لەهەمان ژمارەدا سەمیر عەتاڵڵاش لەژێر سەر دێڕی (کەرکوك) چەند راستییەکی شێواندوەو خۆیلەخوێندنەوەی مێژوو بەدوور گرتوو، هەرچەند سەمیر لەسەرەتای نووسنەکەیدا هەوڵیداوە کە سۆزو هەستمان بە گوتنو نووسینەوەی ناوی هەندێك لەتاوانەکانی رژێم دەرهەق بە کوردان لەلایەن رژێمی سەدام بەلای خۆی راکێش بکات، بەڵام لەپەرەگرافی کۆ تایی، وەك هەر شۆڤینییەکی دیکەی عەرەب ناتوانێت لەنێو سکەی خۆبە دیموکراسیزان بەردەوام بێتو پشتگیری تەواوی سیاسەتەکانی رژێم لە تەعریبکردنی کەرکوك دەکاتو زۆر بەسادەیش پێی وایە ناساندنی کەرکوك بە شوناسێکی کوردستانی پێویستی بە شەڕ نییەو، چونکە هەمووی هەر عێراقە!! زۆر راشکاوانەش دەیەوێت بڵێت: ئەگەر ئێوە دەتانەوێ پێناسی کەرکوك بکەنە کوردستانی بەمەش پێناسە عەرەبی یان تورکمانییەکەی لێدەسڕنەوە، لێرەشدا مەسەلەی فاشیەت بوون دەخاتە پاڵ کوردان ئەگەر داوای مافی خۆیان لە کوردستانییەتی کەرکوك بکەن!!.

لەشوێنێکدا دەڵێت: (نازانین، پێناسی کوردبوونی (کەرکوك) لەکوێدایە؟ )، دەڵێت: (کوردبوون ناڵێت کوردستانی بوون)، کە هیچ سیاسییەکی کوردستانی ئەوەی یەکەم بەکار ناهێنێت.

سەمیر دەنووسێت کە کەرکوك لەمێژووی نووسراودا عەرەبی نەبووە، بەڵام کوردیش نییە!!، لەشوێنێکی دیکەش بەرستەی لەمجۆرە مافی عەرەبی هاوردەو کوردە دەرکراوەکان دەخاتە تایی تەرازوێکی یەکسان ، بۆیە دەڵێت: راستە کوردەکان لەسەرماڵو موڵکی خۆیان دەرکراون، بەڵام نابێت ئێستا ئەو عەرەبانە بۆ شوێنە ئەسڵییەکانیان بگەڕێندرێنەوە.. ئای لەو بەزمە!!.

بۆمەسەلەی دڵی کوردستانو پێناسی کوردستانی بوونی کەرکوك، لەوەشیاندا سەمیر بە هەڕەشەی دەزانێتو پێی وایە کە کەرکوك ئەگەر رێژەی 35٪ لە تورکمانو 5٪ی لەئاشوریەو زۆرینەشی عەرەبە، بێناوهێنانی کوردو رێژەکەی ، تەنها لەبەرئەوەی لەسەر سنووری کوردستاندایە نابێتە شارێکی کوردستانی (کوردی وەك سمیر دەڵێ)..!! شبهاندنی کەرکوك بە قودس بە ئیهانە دەزانێت بۆیە دەڵێت:لەم قۆناغەدا کوردەکان لەلۆژێکی هێزەوە ئەم قسانە دەکەن، کە لە عێراقی ئەمڕۆ لەدەستیاندایە!!